# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

# ژمارە (١٩٧) لە ٢٠٢٣/٢/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١) لە ٢٠٢٣/٢/١، و دوابەدوای فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٥٠) لە ٢٠١٦/٨/٢٦، و لەسەر پێشنیارەکانی هاتوو لە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی ژمارە (٨٢٣٠) لە ٢٠٢١/٧/٧ تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتی دەستەبەری بانکی لە پڕۆژە وەستاوەکانی حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم: سەبارەت بە گرفتی دەستەبەری بانکی لە جۆری (خطاب ضمان حسن التنفيذ) بڕیار درا بە:**

١. نوێکردنەوەی دەستەبەرە بانکییەکان بۆ ئەو پڕۆژە وەستاوانەی کە لە نوێوە (بەشێک یان تەواوی بودجە)یان بۆ تەرخانکراوە و دەستبەکاربوونەتەوە.

٢. پووچەڵکردنەوەی دەستەبەرە بانکییەکانی ئەو پڕۆژانەی کە بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە سەدا سەد تەواو بوونە و وەرگرتنی کۆتاییان بۆ کراوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی نەختینەی دارایی مافکەوتەی کۆمپانیای جێبەجێکار یاخود بەڵێندەر خەرج نەکراوە.

٣. دەستبەسەرداگرتنی دەستەبەرە بانکییەکانی ئەو پڕۆژانەی کشانەوەی کاریان لێکراوە (سحب العمل) یان بەڵێندەر کەمتەرخەم (ناکل) بووە، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

٤. پووچەڵکردنەوەی دەستەبەرە بانکییەکانی ئەو پڕۆژانەی بەڵێندەرایەتییەکانیان کۆتایی هاتووە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بە مەرجێک بەڵێندەر لە پاکتاوی کۆتاییدا قەرزداری حکومەت نەبێت.

٥. پووچەڵ نەکردنەوەی دەستەبەرە بانکییەکانی ئەو پڕۆژانەی کە پێشینەی وەرگیراویان زیاترە لە ڕێژەی کاری ئەنجامدراو.

٦. پووچەڵکردنەوەی دەستەبەرە بانکییەکانی ئەو پڕۆژانەی کارەکانیان وەستاوە لە ئێستادا بە مەرجێک کۆی مافکەوتەی (پێشینەی وەرنەگیراو و ئەمانات) زیاتر بێ لە ٥٪ لە سەدا پێنجی کۆی تێچووی پڕۆژە، و کۆمپانیا یاخود بەڵێندەر بەڵێننامەی یاسایی واژوو بکات لە کاتی تەرخانکردنی بودجە دەستەبەرێکی بانکیی نوێ پێشکەش بکات و دەستبەکاربێتەوە بە هەمان مەرجەکانی گرێبەستی پێشوو.

**دووەم: سەبارەت بە گرفتی دەستەبەری بانکی لە جۆری (خطاب ضمان-السلفة المقدمة ) بڕیار درا بە:**

١. پـووچەڵکردنەوەی دەسـتـەبەرە بانکییەکـانی ئەو پـڕۆژانەی پێشـینە خەرجنەکراوەکـانی کۆمپانیـا و بەڵێندەرەکانیان زیاتر بێت لە بڕی ئەو پێشینە پێشـوەختەی لای کۆمپانیـا یـان بەڵێنـدەر مـاوە، و لە کـاتی خەرجکردنی هەر پێشینەیەک پێشینە پێشوەختەکەی لێـوەربگیرێتەوە یـاخود دەسـتـەبەرێکی بـانکیی نـوێ پێشکەش بکات.

٢. نـوێکردنەوەی دەسـتـەبەری بـانکیی ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە پێشـینە خەرجنەکراوەکانیـان کەمتـرە لە بـڕی ئەو پێشـینەی لای کۆمپانیـا و بەڵێنـدەر مـاوە بە شـێوەیەک دەسـتـەبەرە بـانکییەکەی کەم بکرێتەوە بۆ ئەو گوژمەی پێشوەختەی لای کۆمپانیا و بەڵێندەر ماوە.

**سێیەم:** یەکلاکردنەوەی هەر حالەتێکی دیکەی دەستەبەری بانکی لە پرۆژە وەستاوەکان بەدەر لە حالەتەکانی هاتوو لە هەردوو برگەی (یەکەم) و(دووەم)ی سەرەوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار.

**چـوارەم:** ڕاسـپاردنی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی پلانـدانان بە ئامادەکردنی زانیاریی پێویست و بەرزکـردنەوەی بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ زانینـی کـۆی بڕی ئەو دەستەبەریانەی لە پـڕۆژە ڕاگیراوەکـان بە نەختیـنە لە بانکەکـان دانـراوە و پێویسـتە حکومەت لە حـالەتی پـووچەڵکردنەوەی دەسـتـەبەرییە بانکییەکـان بیگەڕێنێـتەوە بـۆ کۆمپانیـا و بەڵێنـدەران لەبەر ڕۆشنایی برگەکانی ئەم بڕیارە تاوەکو بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

**پێنجەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**